# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گۆڕانەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری بنەسڵاوە

**بژار عبدالستار عبدالقادر [1] عبیدالله حاتم یوسف [2]**

[1] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

شار، ئەم شوێنەیە کە سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤە، مرۆڤیش ڕێکخەری شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوییە لە ناو شاردا. هەروەها بەکارهێنانی نیشتەجێبون لە هەمو شارەکانی وڵاتە پێشکەوتو و تازە گەشەکردووەکان ڕیزبەندی یەکەمە. ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شار لە ئەنجامی گەشەی خێرای دانیشتوان زیاد دەکات، دەبێتە هۆی زیاتر بەرزبونەوەی خواست لەسەر زەوی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری بنەسڵاوە. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی مۆرفۆلۆجی **و** میتۆدی شیکاری **و** میتۆدی مێژویی بەستووە، بەمەبەستی پێکانی ئامانجەکان، پلانی توێژینەوە بەم شێوەیە دابەش کراوە 1: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە، (توێژینەوەکانی پێشوتر و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە). 2: قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجیی شاری بنەسڵاوە. 3: پێوانی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی. دواتر توێژینەوەکە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك دەخاتە ڕو. گرنگترین ئەنجامەکان بریتین لە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی شاری بنەسڵاوە و هەرزانیی نرخی زەوی، هۆکاری سەرەکین بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی. بەدرێژایی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان بەکارهێنانی زەویی نیشتەجێبون زۆرترین ڕوبەری داگیرکردووە، بەجۆرێك لە (171.21) هکتارەوە زیادی کردووە بۆ (612.51)هکتار لە کۆتایی قۆناغی مۆرفۆلۆجیی سێیەم، لە هەمو قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی، لەسەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی ڕویداوە. هەروەها دیارترین ڕاسپاردەکان بریتیە لە خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە دانیشتوانی شارەکە بکرێت، لە هەمو لایەنەکان. بەشێوەیەکی پلاندارێژراو و بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان، خزمەتگوزارییەکان لەسەر شارەکەدا بڵاوبکرێنەوە.

**کلیلە وشە:** شار، بنەسڵاوە، گۆڕان، بەکارهێنانی زەوی، مۆرفۆلۆجی.

## پێشەکی

مرۆڤ لەگەڵ ئەو زەوییەی لەسەری دەژی لە پەیوەندییەکی بەهێزدایە، بۆیە هەوڵی خۆگونجاندن دەدات بۆ بەکارهێنانی؛ بەمەبەستی جێبەجێکردنی خواستەکانی، تاوەکو بتوانێت بەئاسانترین شێوە سودی لێ ببینێ، جا ئەم بەکارهێنانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێت یان بە شێوەی پلان بۆدانراو. شاری بنەسڵاوە ،وەك تەواوی شار و شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان، بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دیمۆگرافیی دانیشتوانی شارەکە، لە گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بەدەر نییە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١١ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: bzhar.abdulqader@su.edu.krd ، obaid.hatam@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ بژار عبدالستار عبدالقادر، عبیدالله حاتم یوسف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

**گرنگیی توێژینەوە:** بایەخ و گرنگیی نوسینی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتێکی گرنگ و کاریگەریی جوگرافیای شار دەگەڕێتەوە، ئەویش لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر یەک لێکەوتەی فراوانبون، کە گۆڕانی بەکارهێنانی زەوییە لە شاری بنەسڵاوە.

**گرفتی توێژینەوە:** گرفتی توێژینەوە بریتییە لە بێپلانیی فراوانبونی شاری بنەسڵاوە، کە چەندین ئەنجامی خراپی هەیە، گرنگترینیان گۆڕانی بەکارهێنانی زەوییە کە کاری کردۆتە سەر ژینگەی ئاوەدانیی شارەکە. وەك گرفتێکی هەنوکەیی کە دوچاری شارەکان دەبێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئایا شاری بنەسڵاوە بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە بەردەوام لە فراوانبوندا بووە؟ ئەم دیاردەیە لە ئاییندەدا بەردەوامی دەبێت؟ گرنگترین ئەو شێوازانە کامانەن کە شارەکە بە خۆوەی بینیوە؟ ئایا گۆڕان بەسەر بەکارهێنانەکانی زەویی شارەکەدا هاتووە، لە چ ئاستێکدایە؟

**گریمانەی توێژینەوە:** شوێنی جوگرافی کاریگەریی لەسەر فراوانبونی شارەکە هەبووە. پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زیادبونی دانیشتوان و فراوانبونی شاردا هەیە، چونکە بە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان خواست لەسەر بەکارهێنانی زەوی زیاد دەکات، لە سەرئەنجامیش گۆڕان بەسەر بەکارهێنانی زەویی شارەکە دادێت. گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە هەمو بەکارهێنانەکان وەك یەك نییە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە تیشکخستنەسەر گرفتی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی ، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر ژینگەی ئاوەدانیی شارەکە.

**هەڵبژاردنی بابەت:** کەمی یان نەبونی توێژینەوە لەسەر شاری بنەسڵاوە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی جوگرافیای شاردا. بونی دیاردەی فراوانبونی شار و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی، لە زۆربەی شارەکانی عێراق بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی مۆرفۆلۆجی بەستووە، جەخت دەکاتە سەر پێکهاتەی نێوخۆیی شاری بنەسڵاوە، کە خۆی لە توێژینەوەی بەکارهێنانی زەوی و فراوانبونی ڕوبەری شارەکە دەبینێتەوە. هەروەها پشتی بە میتۆدی شیکاری بەستووە بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە فراوانبونی شار و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی, و میتۆدی مێژوویی بە دەرخستنی لایەنی مێژوویی شارەکە و قۆناغەکانی فراوانبونی ناوچەی توێژینەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

1. سنوری شوێنی توێژینەوە، خۆی لە سنوری شارەوانیی شاری بنەسڵاوە دەبینێتەوە.
2. سنوری کاتی توێژینەوە دەکەوێتە ماوەی نێوان ساڵانی(1987-2023)

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەران:** لە ماوەی نوسینی توێژینەوەکە، توێژەران دوچاری ئاستەنگی زۆر بونەوە، وەکو کەمی و نەبونی داتا و ئاماری ورد و ڕاست، لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لەسەر ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی گەڕەکەکان، بەتایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٨٧)، بەهۆی بارودۆخی سیاسی، هیچ سەرژمێرییەک نەکراوە کە ئەنجامەکانی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەسەن و باوەڕ پێکراو بێت، ئەو داتایانەی هەیە بەشێوەی خەمڵاندنە، توێژەران ژمارەی گەڕەکەکان و زانیارییەکانیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە دەستخستووە.

## 1. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:

### 1-1 ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

ڕەهەندی جوگرافی: شاری بنەسڵاوە دەکەوێتە نێوان هەردو هێڵی درێژیی (=20.¯09.°44 - 44°.40¯.10=)ی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانیی (=20.¯11.°36 - 36°.08¯.40=)ی باکور، بەم جۆرە دەکەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق. نەخشەی (1-1) کە (12)کم لە سەنتەری شاری هەولێر دوورە. (عبدالرحمن و خۆشناو، 2010، ص48)

شوێن پەیوەندییەکە لە نێوان شار و دەوروبەرەکەی، یاخود بە ناوچەی دەسەڵاتەکەی ناودەبرێت (الجنابي, 1987, ص38). شاری بنەسڵاوە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاویی نزیك شاری هەولێر، ناوەڕاستی دەشتی هەولێر، ئەمەش وایکردووە چەندین شوێنی جوگرافی لەخۆبگرێت وەك: شوێنی پێشەکیی چیاکان: چونکە نزیکە لە ناوچە چیا بەرزەکان. شوێنی دەروازەیی: دەروازەیەکە بۆ چونە ناو ناوچەی چیایی. شوێنی چەقی: چونکە دەکەوێتە چەقی دەشتی هەولێر. شوێنی ڕاکێشە: بۆتە هۆی ڕاکێشانی هەمو بەکارهێنانەکانی زەویی شارنشینی و هەمو پیشەیەك بۆ ڕوبەری شارنشینیەکەی و ڕاکێشانی دانیشتوان.

نەخشەی(1-1) شوێنی جوگرافیی شاری بنەسڵاوە بە گوێرەی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان و عێراق




**سەرچاوە: پشتبەست بە :**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر، وێنەی ئاسمانیی Quick bird (یەك مەتر)، ساڵی 2023.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێڕی، 2023.
3. حداد، هاشم یاسین و محمود، کامران ولی، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر ،چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل9.
4. القصاب، إبراهيم و أخرون، أطلس العراق التعليمي, مطبعة جامعة الموصل, الموصل، 1987، ص113.

## 2. قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شاری بنەسڵاوە:

شار بەردەوام لە گۆڕان و فراوانبون یان پوکانەوە دەبێت، بۆیە ابن خلدون پێیوایە هیچ شارێك کتوپڕ دەرناکەوێت، بەڵکو لە کرداری دروستبوندا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. (الجابری، 1986، ص15) دیارترین قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی گەشەکردنی شاری بنەسڵاوە ئەمانەن.

توێژەرانی بواری جوگرافیای شار کۆمەڵێك پێوەریان دیاریکردووە، بۆئەوەی شار بە شێوەیەکی نمونەیی و مۆدێرن دابمەزرێت و گرفت بۆ دابەشبونی بەکارهێنانەکانی زەوی دروست نەبێت، هەروەها یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ حکومەت تاوەکو پلانێکی تۆکمە دابڕێژێت بۆ دیاریکردنی ئاراستە و قەبارەی فراوانبونی شار لە ئایندەدا. خشتەی (2-1)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61

پشتبەست بە خشتەی (1-2) هەوڵدراوە بەراورد بکرێت بە بەکارهێنانی زەوی لە ناوچەی توێژینەوە و پێوەرەکانی بەکارهێنانی زەوی، بەم شێوەیە:

### 1-2 یەکەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی (1987-1999):

وەك لە خشتەی (2-2) دیارە کە بەکارهێنانی زەوی لەم قۆناغە بە گەڕانەوە بۆ خشتەی

خشتەی 2-1 پێوەرەکانی بەکارهێنانی زەوی شار

| بەکارهێنانەکان | ڕێژەی لە ڕووبەری ئاوەدانی | بەشی تاک م$^2$ /کەس |
|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | 38-35 | 45-30 |
| بازرگانی | 3-2 | 2-1 |
| پیشەسازی | 8-6 | 8-6 |
| خزمەتگوزاری | 12-1 | فێرکاری 8-12<br>تەندروستی1-2 خزمەتگوزاری گشتی4-6 |
| گەشت و گوزار ڕابواردن و سەوزایی | 10-8 | 8-4 |
| ڕێگای گواستنەوە | 25-20 | 12-8 |
| گۆڕستان | 3 | - |
| کشتوکاڵ | 2 | - |
| ئەوانی تر | 3 | 3 |

سەرچاوە:

1. الدليمي، خلف حسين علي ، تخطيط المدن: نظريات-أساليب-معايير-تقنيات، دارصفاء للنشر والطبع، عمان، 2015، ص223-225
2. صفر، زين العابدين علي، تخطيط المدن أسس ومفاهيم وتطبيقات، دار الوضاح للنشر، عمان، 2015، ص549.

(1-2)پێوەری بەکارهێنانی زەوی و پشکی تاك/م$^2$کەس لە شاری بنەسڵاوە بەم شێوەیە بووە:

### 1. بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون:

بەکارهێنانی زەویی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە لەم قۆناغەدا بە (171.21) هکتار بە ڕێژەی (39.83%)ی کۆی ڕوبەری گشتیی شاری بنەسڵاوەی پێکهێناوە. لە پێوەرە جیهانییەکان بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون (35- 38%)، کەواتە ئەم ڕێژەیە لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە، بەرێژەیەکی کەم، بۆیە بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت، هەروەها ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون گەیشتە (3190)خانو، کە بە شێوەیەکی جیاواز بەسەر (5)گەڕەك دابەش بووە (شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024). پشکی تاك/م$^2$ کەس، لە پێوەرە جیهانییەکان (30-45)م$^2$/کەسە، کەچی لە شاری بنەسڵاوە (127.49)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر زیاترە، ئەمەش لایەنێکی باشە.

خشتەی(2-2) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی یەکەم (1999)

| بەکارهێنانی زەوی | | ڕووبەر/هکتار | ڕێژە% | پشکی تاک/م$^2$ |
|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | | 171.21 | 39.83 | 127.49 |
| ڕێگاوبان | ڕێگای سەرەکی | 13.34 | 3.10 | 9.93 |
| | ڕێگای لاوەکی | 42.52 | 9.89 | 31.66 |
| بازرگانی | | 17.39 | 4.08 | 12.95 |
| فێرکاری | | 20.42 | 4.75 | 15.20 |
| تەندروستی | | 3.94 | 0.91 | 2.93 |
| کات بەسەربردن | | 4.2 | 0.97 | 3.12 |
| ئایینی | مزگەوت | 5.76 | 1.34 | 4.29 |
| | گۆڕستان | 2.8 | 0.65 | 2.08 |
| سەوزایی | | 8.27 | 1.93 | 6.16 |
| پیشەسازی | | 1.82 | 0.42 | 1.35 |
| میری (حکومی) | | 18.67 | 4.34 | 13.90 |
| زەوی بەتاڵ | | 119.44 | 27.79 | 88.94 |
| ڕووبەری گشتی | | 429.78 | 100 | - |

کاری توێژەران پشت بەستن بە نەخشەی (1-2) لەبەرنامەی (Arc GIS10.6)

### 2. بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان:

لەم قۆناغەدا ڕوبەری بەکارهاتو بۆ ڕێگاوبان (55.86)هکتار بووە، بەرێژەی(12.99%)ی کۆی ڕوبەری شارەکەی پێکهێناوە، بۆ دوو جۆر دابەشکراوە، ئەوانیش ڕێگای سەرەکی و ڕێگای لاوەکین. ڕوبەری بەکارهاتو بۆ ڕێگای سەرەکی (3.1)هکتار بووە، بە ڕێژەی(9.93%) و ڕێگای لاوەکی ڕوبەرەکەی (42.52)هکتار بەرێژەی (9.89%) لە کۆی گشتیی ڕوبەری شاری بنەسڵاوە. ڕێگای سەرەکی بریتییە لە ڕێگای (هەولێر – بنەسڵاوە) و ئەو ڕێگایانەی کە گەڕەکەکان بەیەك دەبەستنەوە، بەڵام ڕێگای لاوەکی بریتییە لەو ڕێگایانەی کە لە نێو کۆڵانەکاندا هەیە. ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا، جگە لە ڕێگای گشتیی (هەولێر-بنەسڵاوە)، هیچ ڕێگایەکی قیرتاوکراو نەبووە. (یونس، 21-2-2024).

لە شاری بنەسڵاوە بە کۆکراوەی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی ڕێژەکە (12.99%) بوە، لە پێوەرە جیهانییەکان (20-25)% ، واتە بە جیاوازییەکی زۆر ڕێژەکە کەمترە، ئەمەش خراپیی پلانی ڕێگاوبان دەگەیێنێت، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (12.8)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە بە کۆکراوەی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی (41.59)م$^2$/کەسە، واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان جیاوازیەکە زۆر بەرزترە، بەڵام ئەوجارە لایەنێکی باشە.

### 3. بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی:

لەم قۆناغەدا بازرگانی ڕۆڵێکی بنچینەیی لە گەشەکردن و فراوانبونی شاری بنەسڵاوە بینیوە، بەجۆرێك ڕوبەری بەکارهێنراو بۆ بازرگانی (17.39)هکتار بووە، بەرێژەی (4.08%)ی کۆی ڕوبەری شارەکەی پێکهێناوە، هەروەها ژمارەی شوێنە بازرگانیەکان لەم قۆناغەدا (389)دوکان بووە. (سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024) بە درێژایی ڕێگای گشتیی (هەولێر-بنەسڵاوە) و بازاڕی چوار هەزاری لە دەروازەی شار، دابەشبونە و دابینکردنی پێداویستیی ڕۆژانەی خەڵکی پێکدەهێنا.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (4%)ە، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (2.1)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (12.95)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

### 4. بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری:

ڕوبەری بەکارهاتو بۆ کەرتی فێرکاری (20.42)هکتار بووە، کە ڕێژەی (4.75%)ی کۆی ڕوبەری شارەکەی پێکهێناوە. لەم قۆناغەدا ڕوبەری زەوی بۆ فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بریتی بووە لە قۆناغی سەرەتایی، ئەویش قوتابخانەی لانەی سەرەتایی بو، لە ساڵی 1989 دروستکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی. نەخشەی(2-2)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (4.75%)ە، واتە ڕێژەکە لەم قۆناغەدا، لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (8-12)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (15.20)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

### 5. بەکارهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی:

ئەم بەکارهێنانە خۆی لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا دەبینێتەوە، وەك نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و نۆرینگە و دەرمانخانە بە ڕوبەری (3.94)هکتار و ڕێژەی (0.91%)ی کۆی گشتیی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لە کۆتاییی ئەم قۆناغەدا، کە تەنها (1) نەخۆشخانە هەبو، دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری بنەسڵاوە، بەشی پێداویستیە پزیشکییەکانی دانیشتوانی ناوچەکەی دەکرد. (عبدالغفور، 2024/2/21)

بەکارهێنانی زەوی بۆ تەندروستی لە پێوەرە جیهانییەکان (1-12%)، کەواتە لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.91%) واتە لەم قۆناغەدا ڕێژەکە زۆر لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (1-2)م$^2$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (2.93)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**6. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنەکانی کاتبەسەربردن:**

بەکارهێنانی زەوی بۆ کاتبەسەربردن لەم قۆناغە، تەنها 3 چایخانە و 1کافتریا بو، بەڕوبەری (4.2)هکتارە، لە گەڕەکی ڕاپەڕین و ئاشتی دابەش بوبون، بە ڕێژەی (0.97%)ی کۆی گشتیی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت.(کامەران، 2024/2/23)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (0.97%)ە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (3.12)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

نەخشەی (2-1) شاری بنەسڵاوە لە کۆتاییی یەکەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی (1999)




**سەرچاوە پشتبەست بە:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر، وێنەی ئاسمانیی Quick bird (یەك مەتر)، ساڵی 1999.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێری، 1999.
3. توێژینەوەی مەیدانی (2024/2/21).

**7. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان:** بەکارهێنانی زەوی بۆ کاروباری ئایینی تەواوی شوێنەکانی پەرستش دەگرێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە گۆڕستانەکانیش لە چوارچێوەی کەرتی ئایینی دیاری بکرێن.

ڕوبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان بە هەمو جۆرەکانی (8.56)هکتار بووە کە ڕێژەی(1.99%)کۆی گشتیی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە لەم قۆناغەدا، (5.76) هکتار تایبەت بووە بۆ مزگەوت و بە ڕێژەی(1.34%)، هەروەها گۆڕستان (2.80)هکتار کەڕێژەی (0.65)ی کۆی گشتیی ڕوبەری شارەکەی پێکهێناوە. بەجۆرێك لەکۆتاییی ئەم قۆناغە (5)مزگەوت و (1) گۆڕستان هەبووە. (هێمداد، 2024/2/23)

بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان لە پێوەرە جیهانییەکان تەنها گۆڕستان وەرگیراوە بە ڕێژەی (3%) کەواتە لە شاری بنەسڵاوە ڕوبەری زەویی گۆڕستان ڕێژەکە (0.65%) واتە بە جیاوازیەکی زۆر ڕێژەکە کەمترە، بەڵام خزمەتگوزاریی مزگەوت دەچێتە چوارچێوەی ئەوانی تر کە ئەویش بە ڕێژەی (3%)یە، بۆیە لە ناوچەی توێژینەوە (1.34%)ە، ئەمەش ڕێژەکەی کەمترە، پێوەری پشکی تاك بۆ گۆڕستان ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام پشکی تاك لە شاری بنەسڵاوە بۆ گۆڕستان (2.08)م$^2$/کەسە. پشکی تاك/م$^2$ کەس بۆ مزگەوت لە پێوەرە جیهانییەکان (3)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (4.29)م$^2$/کەس بووە، بەم شێوەیە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**8. ڕوبەری سەوزایی:**

ڕوبەری سەوزایی (8.27)هکتار بووە، کە ڕێژەی (1.93%)ی کۆی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە. ئەم سەوزاییانە باخچەی نێو گەڕەکەکان و نێوان شەقامەکان دەگرێتەوە، واتە ڕێژەکە زۆر لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە، ئەمەش لایەنێکی خراپە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (6.16)م$^2$/کەس واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان گونجاوە ئەمەش لایەنێکی باشە.

**9. ڕوبەری زەوی بۆ پیشەسازی:**

ڕوبەرەکەی لەم قۆناغەدا (1.82)هکتار بووە، بەڕێژەی(0.42%)ی کۆی گشتیی ڕوبەری شاری بنەسڵاوە دەگرێتەوە، پیشەسازییەکان خۆی لە چاککردنی سۆپا و ئاسنگەری و کارگە بچوکەکانی کۆلان و شەقامەکاندا دەبینێتەوە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.42%)ە، واتە لەم قۆناغەدا ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (6-8)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (1.35)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**10. ڕوبەری زەویی میری:**

ناوچەی توێژینەوە بەهۆی بونی بە سەنتەری قەزا، چەندین بەکارهێنانی زەویی دامودەزگای دەوڵەتی تێدا جێگیرکراوە، ڕوبەری سەرجەمیان(18.67)هکتارە، ڕێژەی (4.34%)ی کۆی گشتیی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت. ئەم خزمەتگوزارییانە بەسەر تەواوی شارەکە دابەشبووە، کە خۆی لە (6) دامودەزگا دەبینیەوە وەك قایمقامیەت و سەرۆکایەتیی شارەوانی و دادگا و باری شارستانی و فەرمانگەی کارەبا و فەرمانگەی ئاو لەگەڵ دروستکردنی کۆمەڵگای بنەسڵاوە 4 بیری ئاو لێدران. (عبدالكريم، 2024/2/23)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (4.34%)ە، واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە لەم قۆناغە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-6)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (13.90)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**10. زەویی بەتاڵ:**

ڕوبەری زەویی بەتاڵ لە شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا بریتی بووە لە (119.44)هکتار، ڕێژەی (27.79%) کۆی ڕوبەری شارەکەی پێکهێناوە. پشکی تاك/م$^2$ کەس (88.94)م$^2$/کەس بووە.

**2-2 دووەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی (2000- 2011):**

بەکارهێنانی زەوی و بەراوردکردنی بە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغەدا، بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (1-1) بەم شێوەیەیە:

**1. بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون:**

شار بەردەوام لە گەشەکردن و فراوانبون دەبێت، کاتێك ژمارەی دانیشتوانی لە زیادبونە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی. بەجۆرێك لەم قۆناغەدا ڕووبەری بەکارهاتو بۆ نیشتەجێبون بەرزبۆوە بۆ (421.32) هکتار، بە ڕێژەی(35.80%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە. ئەم زیادبونە لە زەوی بۆ نیشتەجێبون لەسەرجەم گەڕەکەکانی شاری بنەسڵاوە ڕوویداوە. خشتەی (2-3)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (35.80%) واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان گونجاوە ئەمەش لایەنێکی باشە، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (30-45)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (98.16)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر زیاترە، ئەمە لایەنێکی باشە.

خشتەی(2-3) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم (2011)

| بەکارهێنانی زەوی | | ڕووبەر/هکتار | ڕێژە% | پشکی تاک/م2 |
|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | | 421.32 | 35.80 | 98.16 |
| ڕێگاوبان | ڕێگای سەرەکی | 43.11 | 3.67 | 10.04 |
| | ڕێگای لاوەکی | 96.12 | 8.16 | 22.39 |
| بازرگانی | | 47.35 | 4.02 | 11.03 |
| فێرکاری | | 33.09 | 2.82 | 7.71 |
| تەندروستی | | 7.74 | 0.65 | 1.80 |
| کات بەسەربردن | | 9.43 | 0.81 | 2.19 |
| ئایینی | مزگەوت | 18.27 | 1.56 | 4.25 |
| | گۆڕستان | 12.47 | 1.05 | 2.90 |
| سەوزایی | | 43.74 | 3.72 | 10.19 |
| پیشەسازی | | 23.79 | 2.02 | 5.54 |
| ڕووبەری ئاوی | | 19.14 | 1.62 | 4.46 |
| میری (حکومی) | | 18.82 | 1.60 | 4.38 |
| زەوی بەتاڵ | | 382.37 | 32.50 | 89.08 |
| ڕووبەری گشتی | | 1176.76 | 100 | - |

کاری توێژەران پشت بەستن بە نەخشەی (2-2) لەبەرنامەی (Arc GIS10.6)

**2. بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان:**

ڕووبەری زەوی بۆ ڕێگاوبان (139.23)هکتارە بە ڕێژەی(11.83%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. لەم ڕووبەرە (43.11)هکتار ڕێگای سەرەکییە بە ڕێژەی (3.67%)، هەروەها (96.12)هکتار ڕێگای لاوەکییە بە ڕێژەی (8.16%). دەرکەوتنی گەڕەکی نوێ و فراوانبونی سنوری شارەوانی، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ زیادبونی ڕووبەری ڕێگای سەرەکی و لاوەکی، ئەمە جگە لە قیرتاوکردنی بەشێکی زۆری کۆڵان و شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە. نەخشەی (2-2).

لە شاری بنەسڵاوە بە کۆکراوەی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی ڕێژەکە (11.83%)یە، واتە بە جیاوازییەکی زۆر ڕێژەکە کەمترە، ئەمەش لاوازیی پلانی ڕێگاوبان دەگەیەنێت، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (8-12)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە بە کۆکراوەی هەردوو ڕێگای سەرەکی و لاوەکی (32.43)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**3. بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی:**

ڕووبەری بەکارهاتو بۆ بازرگانی (47.35)هکتار بووە، بە ڕێژەی(4.02%) کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا. ژمارەی شوێنە بازرگانییەکان (684)دوکان بووە، ئەمەش بەهۆی زیادبونی خواست لەسەر شمەك و کاڵای ڕۆژانە، زۆربەی ئەو دوکانانەی زیاد بونە لەدەوروبەری ڕێگا سەرەکییەکان بووە. (سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024/3/3)

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (4.02%)، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (1-2)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (11.03)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە، ئەمەش لایەنێکی باشە.

**4. بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری:**

ڕووبەری بەکارهاتو بۆ فێرکاری (33.09)هکتار بووە، بەرێژەی(2.82%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا. ئەمەش بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، پێویستی بە قوتابخانەی زیاتر هەیە، لەم قۆناغەدا گەیشتۆتە(20) قوتابخانە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (2.82%)ە، واتە ڕێژەکە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (8-12)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (7.71)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**5. بەکارهێنانی زەوی بۆ تەندروستی:**

لەم قۆناغەدا ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ تەندروستی (7.74)هکتار بووە، بەرێژەی (0.65%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.65%)ە، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر کەمترە، لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م$^2$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (1-2)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (1.80)م$^2$/کەسە، واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە.

**6. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنەکانی کاتبەسەربردن:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنەکانی کاتبەسەربردن (9.43)هکتار بووە، ڕێژەی (0.81%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت لەم قۆناغەدا، ئەمەش بەهۆی زیادبونی ژمارەی کافتریا و چایخانە و یاریگا و کتێبخانە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.81%)ە، واتە ڕێژەکە زۆر کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م$^2$/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (2.19)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**7. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان (30.74)هکتار بووە، بە ڕێژەی (2.61%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا. لەم ڕووبەرە (18.27)هکتار بۆ مزگەوت بە ڕێژەی (1.56%)، گۆڕستان (12.47)هکتار بە ڕێژەی(1.05%) بووە، لەم قۆناغەدا نزیکەی (7) مزگەوت دروستکراوە، لە گەڕەکەکانی (ئاڵتون، قەڵای نوێ، کۆڵانی نوێ، ڕاپەڕین، سەری بڵند، لەگەڵ فراوانبونی ڕووبەری گۆڕستانەکان بەهۆی مردنی زیاتر. (دلێر، 2024/2/24)

بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئایینییەکان لە پێوەرە جیهانییەکان تەنها گۆڕستان وەرگیراوە بە ڕێژەی (3%) کەواتە لە شاری بنەسڵاوە ڕووبەری زەویی گۆڕستان ڕێژەکە (1.05%)ە، واتە بە جیاوازییەکی زۆر ڕێژەکە کەمترە، بەڵام خزمەتگوزاریی مزگەوت

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61

دەچێتە چوارچێوەی ئەوانی تر بە ڕێژەی (3%)، بۆیە لە ناوچەی توێژینەوە (1.56%)ە، ئەمەش ڕێژەکەی کەمترە، پێوەری پشکی تاك بۆ گۆڕستان ئاماژەی پێ نەکراوە. پشکی تاك لە شاری بنەسڵاوە بۆ گۆڕستان (2.90)م²/کەسە، بەڵام پشکی تاك/م² کەس بۆ مزگەوت لە پێوەرە جیهانییەکان (3)م²/کەسە، لە ناوچەی توێژینەوە (4.25)م²/کەس بووە، بەم شێوەیە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**8. ڕووبەری سەوزایی:**

ڕووبەری بەکارهێنانی سەوزایی (43.74)هکتارە کە دەکاتە ڕێژەی (3.72%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە. لەم قۆناغەدا پارکی پێشمەرگە دروستکراوە لەگەڵ زیادبونی باخچەی گەڕەکەکان، ئەمانە هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانەن .(شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024/3/3)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (3.72%)ە، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە لەم قۆناغەدا، ئەمەش لایەنێکی خراپە، کەچی پشکی تاك/م² کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م²/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (10.19)م²/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە، ئەمە لایەنێکی باشە.

نەخشەی (2-2) شاری بنەسڵاوە لە کۆتایی دووەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی (2011)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، وێنەی ئاسمانیی Quick bird (یەك مەتر)، ساڵی 2011.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێری، 2011.

**9. بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی (23.79) هکتار بووە، ڕێژەی (2.02%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. لەم قۆناغەدا پیشەسازی بەشێوەیەکی سادە و ساکار لە دەرەوەی یەکەکانی نیشتەجێبون دەرکەوت، ئەویش تەنها بریتی بو لە هەندێك کارگەی بچوکی وەك (ئەلەمنیۆم) بۆ کاروباری بیناسازی و ئاسنگەری، جگە لەمەش ناوچەی پیشەسازی بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێل لە گەڕەکی قەڵای نوێ و گوڵانی نوێ دروستکرا.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (2.02%) واتە ڕێژەکە زۆر کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغە، بەهەمان شێوە پشکی تاك/م²کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (6-8)م²/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (5.54)م²/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**10. ڕووبەری زەویی میری (حکومی):**

ڕووبەری زەویی بەکارهێنراو بۆ ئەم خزمەتگوزارییە (18.82)هکتار بووە، بەڕێژەی(1.60%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت لەم قۆناغەدا. زیادبونی ڕووبەرەکەی بۆ زیادبونی فەرمانگەی ڕۆشنبیری و بنکەی پۆلیس و فەرمانگەی کشتوکاڵ دەگەڕێتەوە.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (1.60%)ە، واتە ڕێژەکە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان گونجاوە لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م² کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-6)م²/کەس، لە ناوچەی توێژینەوە (4.38)م²/کەس واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە.

**11. ڕووبەری ئاوی:**

ڕووبەری ئاوی، (19.14) هکتار بەڕێژەی (1.62%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. ئەم ڕووبارە وەرزیە تەنها لەوەرزی زستان ئاوی تێدایە لە بەشی باکور بە ئاراستەی باشور تێدەپەڕێت.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (1.62%) واتە ڕێژەکە زۆر کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغە، کەچی پشکی تاك/م² کەس لە پێوەرە جیهانییەکان بە هەمان شێوە (3)م²/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (4.46)م²/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**12. زەویی بەتاڵ:**

ڕووبەری زەویی بەتاڵ لەم قۆناغەدا (382.37)هکتارە بە ڕێژەی (32.50%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت لە کۆتایی ساڵی 2011، هۆکاری زیادبونی ئەم ڕوبەرە بۆ کشانی سنوری شارەوانیی بنەسڵاوە دەگەڕێتەوە؛ بەهۆی زیادبونی خواست لەسەر زەوی بۆ سەرجەم بەکارهێنانەکانی تر. پشکی تاك/م² کەس (89.08)م²/کەسە لە کۆتایی ئەم قۆناغە.

**2-3. قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم(2012-2023):**

بەکارهێنانی زەوی لە شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا و بەگەڕانەوە بۆ خشتەی (2-1) بۆ بەراوردکردنی بە پێوەرە جیهانییەکان بەم شێوەیە بووە:

**1. بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون (612.51)هکتار، بە ڕێژەی (36.55%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدەهێنێت، خشتەی (2-4). ڕووبەری زەوی بۆ نیشتەجێبون لەم قۆناغەدا زیاد بووە بەراورد بە قۆناغی پێشوتر، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕانی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی دەبێت. هەروەها ژمارەی یەکەی نیشتەجێبون لە کۆتایی ئەم قۆناغە گەیشتە (12940) یەکە. (حمد, 2024/2/24)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (36.55%) واتە ڕێژەکە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان گونجاوە لەم قۆناغە، ئەمەش لایەنێکی باشە، کەچی پشکی تاك/م²کەس لە پێوەرە جیهانییەکان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61

(30-45)م$^{2}$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (81.15)م$^{2}$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە ئەمەش زۆر باشە بۆ دانیشتوانی شارەکە.

**2. بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان (229.85)هکتار بەرێژەی (13.73%) کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە، ڕێگای سەرەکی ڕووبەرەکەی (71.64)هکتار بەرێژەی(4.29%) و ڕێگای لاوەکی ڕووبەرەکەی (158.21) هکتار بەرێژەی (9.44%) کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنن. بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگاوبان بەراورد بە قۆناغی دووەم زیادبووە، هۆکاری ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ قیرتاوکردن و کۆنکریتکردنی زۆرترین کۆڵان و شەقامەکانی شارەکە لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها زیادبونی چەندین یەکەی نیشتەجێبون و (3) گەڕەکی نوێ، بێگومان ئەمەش پێویستی بە ڕێگاوبانی زیاترە.

لە ناوچەی توێژینەوە بە کۆکراوەی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی ڕێژەکە (13.73%)یە، واتە بە جیاوازییەکی زۆر ڕێژەکە کەمترە، ئەمەش لاوازیی پلانی ڕێگاوبان دەگەیەنێت بە درێژایی هەرسێ قۆناغی مۆرفۆلۆجی، کەچی پشکی تاک/م$^{2}$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (8-12)م$^{2}$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (30.45)م$^{2}$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر زیاترە.

خشتەی(2-4) بەکارهێنانی زەوی لە کۆتایی قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم (2023)

| بەکارهێنانی زەوی | | ڕووبەر/هکتار | ڕێژە% | پشکی تاک/م2 |
|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | | 612.51 | 36.55 | 81.15 |
| ڕێگاوبان | ڕێگای سەرەکی | 71.64 | 4.29 | 9.41 |
| | ڕێگای لاوەکی | 158.21 | 9.44 | 21.04 |
| بازرگانی | | 79.61 | 4.75 | 10.54 |
| فێرکاری | | 43.01 | 2.56 | 5.69 |
| تەندروستی | | 10.54 | 0.63 | 1.39 |
| خزمەتگوزاری گشتی | | 12.30 | 0.74 | 1.62 |
| ئایینی | مزگەوت | 21.10 | 1.25 | 2.79 |
| | گۆڕستان | 15.30 | 0.93 | 2.02 |
| سەوزایی | | 70.95 | 4.24 | 9.40 |
| پیشەسازی | | 35.91 | 2.14 | 4.75 |
| ڕووبەری ئاوی | | 19.15 | 1.15 | 2.53 |
| میری (حکومی) | | 27.97 | 1.66 | 3.70 |
| زەوی بەتاڵ | | 497.18 | 29.67 | 65.87 |
| ڕووبەری گشتی | | 1675.38 | 100 | - |

کاری توێژەران پشت بەستن بە نەخشەی (2-3) لەبەرنامەی (Arc GIS10.6)

**3. بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی (79.61)هکتار بە ڕێژەی (4.75%)کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوەیە. لە کۆتایی سێیەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی، شوێنە بازرگانیەکان گەیشتۆتە زیاتر لە (1124) شوێن (سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024).

شاری بنەسڵاوە چوار بازاڕی سەرەکیی تێدایە. ئەوانیش(بازاڕی چوار هەزاری، بازاڕی نوێ لە سەنتەری شارەکە (CBD) هەڵکەوتووە، بازاڕی سەوزەومیوە فرۆش، بازاڕی ئێرانییەکان) جگە لەمانەش چەند دوکانێك لە کۆڵانەکان دەبینرێت کە بۆ دابینکردنی پێداویستیی ڕۆژانەی خەڵك دەگونجێت.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (4.75%)ە، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م$^{2}$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (1-2)م$^{2}$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (10.54)م$^{2}$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**4. بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری (43.01)هکتار بەرێژەی(2.56%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. لەم قۆناغە شاری بنەسڵاوە (28) قوتابخانە و (4) باخچەی ساوایان لەخۆدەگرێت، (ڕێپوار، 2024/2/24)

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (2.56%)ە، واتە ڕێژەکە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م$^{2}$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکاندا (8-12)م$^{2}$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (5.69)م$^{2}$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**5. بەکارهێنانی زەوی بۆ تەندروستی:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ تەندروستی (10.54)هکتار بەرێژەی (0.63%)، کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە دەبێت، زەوی بۆ بەکارهێنراو بۆ کەرتی تەندروستی لە ناوچەی توێژینەوە، بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت کە خۆی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا دەبینێتەوە، تەنها دو نەخۆشخانەی گشتی و چەند نۆرینگەیەکی پزیشکیی تایبەت و چەندین دەرمانخانە لە خۆ دەگرێت.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.63%) واتە ڕێژەکە زۆر کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م$^{2}$ کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (1-2)م$^{2}$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (1.39)م$^{2}$/کەسە، واتە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە.

**6. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنەکانی کاتبەسەربردن:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنەکانی کاتبەسەربردن (12.30)هکتار بەرێژەی(0.74%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە بووە. ڕووبەرەکەی لەم قۆناغەدا زیادی کردووە، ئەمەش بەهۆی زیادبونی کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی کاتبەسەربردن وەك دروستکردنی چەند مەلەوانگەیەك و هۆڵی وەرزشی و چەندین یاریگا، لەگەڵ چەندین چایخانە و کافتریا و ... (شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024)

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (0.74%)ە، واتە ڕێژەکە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^{2}$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م$^{2}$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (1.62)م$^{2}$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر کەمترە.

**7. بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئاینییەکان:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئاینییەکان (36.40)هکتار و ڕێژەی (2.18%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەی دەگرێتەوە، لەم ڕووبەرە (21.10)هکتار بەرێژەی (1.25) بۆ مزگەوت و ڕووبەری (15.30)هکتار بەرێژەی (0.93%) بۆ گۆڕستان بەکارهاتووە لە کۆی گشتیی ڕووبەری شارەکە.

بەراورد بە قۆناغی دووەم ڕووبەری زەوی بۆ شوێنە ئاینییەکان زیادی کردووە، بەهۆی زۆربونی مزگەوتەکان و گۆڕستانەکان لەم قۆناغەدا کە ژمارەیان گەیشتە (23)مزگەوت و (5) گۆڕستان.. بێگومان ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی هەبووە.

بەکارهێنانی زەوی بۆ شوێنە ئاینییەکان لە پێوەرە جیهانییەکان تەنها گۆڕستان وەرگیراوە بە ڕێژەی (3%)، کەواتە لە شاری بنەسڵاوە ڕووبەری زەویی گۆڕستان ڕێژەکە (0.93%) واتە بە جیاوازییەکی زۆر ڕێژەکە، کەمترە بەڵام خزمەتگوزاریی مزگەوت

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61

دەچێتە چوارچێوەی ئەوانی تر بە ڕێژەی (3%)، بۆیە لە ناوچەی توێژینەوە (1.25%) ئەمەش ڕێژەکەی کەمترە. پێوەری پشکی تاك بۆ گۆڕستان ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام پشکی تاك لە شاری بنەسڵاوە بۆ گۆڕستان (2.02)م$^2$/کەسە، پشکی تاك/م$^2$کەس بۆ مزگەوت لە پێوەرە جیهانییەکان (3)م$^2$/کەسە، لە ناوچەی توێژینەوە (2.79)م$^2$/کەس بووە، بەم شێوەیە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**8. ڕووبەری سەوزایی:**

شار هەرچەند ڕووبەری بچووك بێت یان گەورە، پێویستی زۆر بە شوێنی حەوانەوە و کات بەسەر بردن هەیە تاوەکو دانیشتوان کاتە بەتاڵەکانیان تیایدا بەسەر بەبن، شاری بنەسڵاوە لەم قۆناغەدا هەنگاوێکی گەورەی نا ، چونکە لەم قۆناغەدا (2) باخچەی گشتی و (1) پارکی گەورەی تیایدا دروستکرا، لەگەڵ بونی ڕووبەرێکی سەوزایی لە گەڕەکەکان و سەوزکردنی نێوان زۆربەی شەقامە سەرەکیەکان، کە ڕووبەری بەکارهێنراو بۆ سەرجەمیان(70.95)هکتار زەوییە، بەڕێژەی (4.24%)ی کۆی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە بووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی هەبووە بەراورد بە قۆناغی پێشوتر.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (4.24%) واتە ڕێژەکە کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-8)م$^2$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (9.40)م$^2$/کەس واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە.

**9. بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی:**

بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی (35.91)هکتار دەگرێتەوە، بە ڕێژەی(2.14%)ی کۆی ڕووبەری گشتیی شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. ناوچەی توێژینەوە لە ڕوی پیشەسازیەوە هاوشێوەی ناوچەکانی تری باشوری کوردستان، تەنها چەند پیشەسازیەکی بچووك لە خۆ دەگرێت، کە لە چەند پیشەسازییەکی سوکی وەك ئاسنگەری و دارتاشی و خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکانی تایبەت بە گواستنەوە و بەرگ دوورین و چاککردنی ئۆتۆمبێل پێکهاتووە، لەم قۆناغەدا ڕووبەرەکەی زیاتر بووە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (2.14%)یە، واتە ڕێژەکە زۆر کەمترە لە پێوەرە جیهانییەکان لەم قۆناغە، بەهەمان شێوە پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (6-8)م$^2$/کەسە، لە شاری بنەسڵاوە (4.75)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

نەخشەی (2-3) شاری بنەسڵاوە لە کۆتاییی سێیەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر، وێنەی ئاسمانیی Quick bird (یەك مەتر)، ساڵی 2023.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێڕی، 2023.
3. توێژینەوەی مەیدانی (2024/2/24).

**10. ڕووبەری زەویی میری (حکومی):**

بەکارهێنانی زەوی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە ڕووبەرەکەی (27.97)هکتار بووە، بەڕێژەی(1.66%)ی کۆی ڕوبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت لەم قۆناغەدا. زیادبونی ڕووبەرەکەی بۆ زیادبونی فەرمانگەی دادنووس دەگەڕێتەوە، لەم قۆناغە سەرجەم فەرمانگەکانی تێدا دروستکراوە.

لە شاری بنەسڵاوە ڕێژەکە (1.66%)ە، واتە لەم قۆناغەدا ڕێژەکە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا گونجاوە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (4-6)م$^2$/کەسە و لە ناوچەی توێژینەوە (3.70)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**11. ڕووبەری ئاویی:**

ڕووبەری ئاویی (19.15)هکتار بەڕێژەی(1.15%)ی کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم ڕوبارە وەرزییە.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (1.15%)یە، واتە لەم قۆناغەدا ڕێژەکە زۆر لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان بە هەمان شێوە (3)م$^2$/کەس، لە شاری بنەسڵاوە (2.53)م$^2$/کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە.

**12. زەویی بەتاڵ:**

ڕووبەری زەویی بەتاڵ لەم قۆناغەدا (497.18)هکتار، بەڕێژەی (29.67%) کۆی گشتیی ڕووبەری شاری بنەسڵاوە پێکدێنێت. لە ناوچەی توێژینەوە ڕووبەری زەویی بەتاڵ بەردەوام لە هەڵکشانە، هۆکاری ئەمەش بۆ فراوانبونی شارەکە و کشانی سنورەکەی دەگەڕێتەوە، وایکردووە بەردەوام زەویی بەتاڵ زیاتر لەخۆبگرێت، بەدیاریکراوی ڕووبەرێکی زۆری زەویی گوندی گەڕەسۆر کەوتۆتە سەر زەویی شارەوانیی بنەسڵاوە و دواتر بۆتە گەڕەکێك لەم شارە.

لە ناوچەی توێژینەوە ڕێژەکە (29.67%)ە، واتە ڕێژەکە زۆر لە پێوەرە جیهانییەکان زیاترە، لەم قۆناغەدا، کەچی پشکی تاك/م$^2$کەس لە پێوەرە جیهانییەکان (3)م$^2$/کەس دیاری کراوە، لە شاری بنەسڵاوە (65.87)/م$^2$کەسە، واتە لە پێوەرە جیهانییەکان زۆر زیاترە، زەویی بەتاڵ لە پێوەرە جیهانییەکان دەچێتە چوارچێوەی ئەوانی تر.

بەراوردکردنی ڕووبەری زەوی بۆ بەشی تاك/م$^2$ لە نێوان پێوەرە جیهانییەکان و شاری بنەسڵاوە، دەردەکەوێت تەنها نیشتەجێبون و ڕێگاوبان و بەشێك لەبەکارهێنانەکانی تر ڕێژەکەیان بەردەوام بەرزترە، جگە لە بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری و تەندروستی بەردەوام ڕێژەکەیان نزمترە، ئەمەش بۆ کەمیی خزمەتگوزاری لە شاری بنەسڵاوە دەگەڕێتەوە، پێویستە حکومەت زیاتر گرنگی بەم ناوچەیە بدات لە ئایندەدا.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە تەوەری داهاتو تیشك بخاتەسەر پێوانی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە ماوەی نێوان هەرسێ قۆناغی مۆرفۆلۆجی، تاوەکو بزانرێ زۆرترین گۆڕان لەکام بەکارهێنانی زەوی بووە.

**٣. پێوانی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی ڕوویداوە بە ڕێژە و پلە و ئاستی جیاواز، لە توێژینەوەکە هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر دیارترین و زۆرترین گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی، بۆ مەبەستی دیاریکردنی گرنگیی ئەم بەکارهێنانە بۆ دانیشتوان. بۆ زانینی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) بەکارهاتووە، بۆیە پشت بە داتاکانی جۆری (ڤێکتەر)ی بەکارهێنانی زەوی بەستراوە. بۆ ئەم مەبەستە ئامرازەکانی شیکردنەوەی شوێنی (Geoprocessing) بەکارهاتووە، وەك (Dissolve) و (Intersect)، کە لە شێوەی (3-1) بە ڕونی تیشك خراوەتەسەر هەنگاوەکانی کرداری گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە نێوان (1999-2023).




شێوەی 3-1 شێوازی کارکردن لە دروستکردنی نەخشەی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە پرۆگرامی (Arc map) دا

لە خشتەی (3-1) گرنگترین گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی شاری بنەسلاوە لە ماوەی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی یەکەم بۆ دووەم (1999-2011) دیاری کراوە، کە تیایدا تێبینی دەکرێ گۆڕانی گەورە ڕویداوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. **بەتاڵ ـ نیشتەجێبون:** گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ نیشتەجێبون بە ڕوبەری(171.3) هکتار، زۆرترین ڕوبەری گۆڕاوە لە شاری بنەسلاوە، ئەمەش بۆ گەشەی دانیشتوان لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە؛ بێگومان پێویستیی دانیشتوان بۆ یەکەی نیشتەجێبون زیاددەکات.

٢. **بەتاڵ ـ ڕێگاوبان:** گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ ڕێگاوبان بە هەردوو جۆری ڕێگای سەرەکی و لاوەکی (68.09) هکتار بووە، بەمەش ڕیزبەندی دووەمی گرتووە، بێگومان ئەمەش بۆ گرنگیی ڕێگاوبان دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوان و پێشکەوتنی شاری بنەسلاوە لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی. هەرچەندە بە درێژایی ماوەی توێژینەوە لە پێوەرە جیهانییەکان کەمتر بوو. شێوەی (3-2)

### 3. بەتاڵ – بازرگانی:

بە ڕوبەری (27.43) هکتار، گۆڕانی زەوی لە شاری بنەسلاوە ڕوویداوە، بەمەش ڕیزبەندی سێیەمی گرتووە، بەجۆرێك بازرگانی شادەماری گەشەکردن و پێشکەوتنی ناوچەی توێژینەوەیە، جگە لەمەش زۆربەی ڕوبەری گۆڕاو بۆ بازرگانی بەسەر تەواوی گەڕەکەکان دابەشبووە، جگە لە چەند دوکان و مارکێتێکی بچوك لە کۆڵانەکان، چونکە زەویی بەتاڵ ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ بەکارهێنانی زەویی بازرگانی بکات.

### 4. بەتاڵ – ئاینی:

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ ئاینی (18.3) هکتار بووە، ئەمەش خۆی لە زیادبونی ڕوبەری گۆڕستانەکان و دروستکردنی چەند مزگەوتێك دەبینێتەوە لەم قۆناغە، ئەمەش بۆ بیروباوەڕی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، چونکە هەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامن.

### 5. بەتاڵ – فێرکاری:

بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ فێرکاری بە ڕوبەری (10.01) هکتار گۆڕاوە، ئەمەش خۆی لە دروستکردنی قوتابخانە دەبینێتەوە، لەم قۆناغەدا زیاتر لە (8) قوتابخانە لەسەر زەویی بەتاڵ دروست کراون.

**خشتەی 3-1 گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی شاری بنەسلاوە لە ماوەی سالآنی (1999-2011)**

| گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی | رووبەر(هکتار) |
|---|---|
| بەتاڵ-نیشتەجێبوون | 171.3 |
| بەتاڵ-ڕێگاوبان | 68.09 |
| بەتاڵ-بازرگانی | 27.43 |
| بەتاڵ-ئاینی | 18.3 |
| بەتاڵ-فێرکاری | 10.01 |
| بازرگانی-ڕێگاوبان | 8.54 |
| بەتاڵ-حکومی | 4.31 |
| بەتاڵ-کات بەسەربردن | 4.2 |
| بەتاڵ-تەندروستی | 3.9 |
| نیشتەجێبوون-بازرگانی | 3.2 |
| حکومی-بازرگانی | 2.62 |
| تەندروستی-بازرگانی | 1.8 |
| حکومی-ڕێگاوبان | 1.71 |
| حکومی-نیشتەجێبوون | 1.5 |

### 6. بازرگانی – ڕێگاوبان:

ڕوبەری (8.54) هکتار لە بەکارهێنانی زەویی بازرگانی گۆڕاوە بۆ ڕێگاوبان، ئەمەش خۆی لەم ڕێگایانە دەبینێتەوە کە لە ڕێگای سەرەکیی هەولێر-بنەسلاوە جیادەبنەوە بۆ کۆڵان و گەڕەکەکان. هەروەها فراوانبونی ڕێگای سەرەکیی هەولێر-بنەسلاوە بۆ (دوو ساید)کردنی بە درێژایی (1.9)کم، لە دەروازەی شار بۆ سەنتەری شار.

### 7. بەتاڵ – حکومی:

بە ڕوبەری (4.31) هکتار، جۆری بەکارهێنانی زەوی گۆڕاوە، ئەمەش بۆ گرنگیی دامودەزگاکانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوان، تاوەکو کارەکانیان بە ئاسانترین شێوە ئەنجام بدەن، هەروەها بونی شاری بنەسلاوە بەسەنتەری قەزا، ئەمەش وای کرد بەشێك لەم دامودەزگایانە، لەم قۆناغەدا، لەسەر زەویی بەتاڵ دروست بکرێن.

### 8. بەتاڵ – کاتبەسەربردن:

بە ڕوبەری (4.2)هکتار، زەویی بەتاڵ گۆڕاوە بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ کاتبەسەربردن، لەگەڵ زیادبونی دانیشتوان خواست لەسەر ئەم شوێنانە زیاد دەکات، تا دانیشتوان کاتەکانیان تێیدا بەسەربەرن، بۆیە ڕوبەری زەوی بەمەبەستی کاتبەسەربردن زیادی کردووە.

### 9. بەتاڵ – تەندروستی:

ڕوبەری (3.9) هکتار زەوی گۆڕاوە لە زەویی بەتاڵ بۆ بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی تەندروستی، لەم قۆناغەدا. ئەمەش بەهۆی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گشتی لە گەڕەکی ئاشتی، لەگەڵ دروستکردنی چەندین دەرمانخانە و نۆرینگەی پزیشکی.

شێوەی 3-2 گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی شاری بنەسلاوە لە ماوەی سالآنی(1999-2011)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp50-61




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (3-1)

**10. نیشتەجێبون – بازرگانی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی (3.2) هکتار بووە، لە نیشتەجێبون بۆ بازرگانی، ئەمەش بۆ لاوازی بەکارهێنانی زەویی نیشتەجێبون بەرامبەر بەکارهێنانی زەویی بازرگانی دەگەڕێتەوە. هەروەها شوێنی بازرگانی لە هەمو جێگایەك گونجاو نییە، بە پێچەوانەی یەکەی نیشتەجێبون. بەردەوام ئەو ناوچانەی بۆ بازرگانی گونجاون وەك شەقامە سەرەکییەکان، ڕەگەزیان لە نیشتەجێبونەوە بۆ بازرگانی دەگۆڕێ.

**11. حکومی – بازرگانی:**

بە ڕوبەری (2.62) هکتار زەویی حکومی گۆڕاوە بۆ بازرگانی. ئەمەش بە هەمان شێوەی پێشتر شوێنی زەویی حکومی گۆڕاوە بۆ بازرگانی. وەك بەشێك لە زەوییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵ و ئەوقافی بنەسلاوە.

**12. تەندروستی – بازرگانی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی تەندروستی بۆ بازرگانی (1.8)هکتار بووە، ئەمەش بۆ گرنگیی بازرگانی دەگەڕێتەوە. ئەمەش خۆی لەگۆڕینی ئەو زەوییانە دەبینێتەوە بۆ نەخۆشخانەی گشتیی بنەسلاوە دانرابون.

**13. حکومی – ڕێگاوبان:**

بە ڕوبەری (1.71) هکتار زەویی حکومی گۆڕاوە بۆ ڕێگاوبان. ئەمەش بەهۆی فراوانبونی ڕێگای سەرەکیی هەولێر-بنەسلاوە چەند دامودەزگای حکومی گواسترایەوە بۆ گەڕەکی نەورۆز. وەك فەرمانگەی داد و فەرمانگەی ڕۆشنبیری.

**14. حکومی – نیشتەجێبون:**

بە ڕوبەری (1.5) هکتار زەویی حکومی گۆڕاوە بۆ نیشتەجێبون، ئەوەش بەهۆی نەگونجانی شوێنی دامودەزگای حکومی لە شوێنی خۆی گواسترایەوە بۆ شوێنێکی تر. وەك فەرمانگەی ئاوی بنەسلاوە بۆ گەڕەکی نەورۆز .

لە شێوەی (3-3) و خشتەی (2-3)دا دەردەکەوێت گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی دووەم بۆ سێیەم (2012-2023) بەردەوامبووە، ئەمەش بە هۆی زیادبونی گەشەی دانیشتوان و پێویستیی دانیشتوان بە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی.

**خشتەی 3-2 گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی شاری بنەسلاوە لە ماوەی ساڵانی (2012-2023)**

| گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی | ڕووبەر/هکتار |
|---|---|
| بەتاڵ-نیشتەجێبوون | 153.11 |
| بەتاڵ-ڕێگاوبان | 141.82 |
| بەتاڵ-سەوزایی | 20.94 |
| بەتاڵ-پیشەسازی | 10.18 |
| بەتاڵ-حکومی | 7.48 |
| بەتاڵ-فێرکاری | 7.37 |
| بەتاڵ-ئایینی | 5.3 |
| بەتاڵ-کات بەسەربردن | 2.8 |
| ڕێگاوبان-سەوزایی | 1.7 |
| حکومی-ڕێگاوبان | 1.12 |

هەروەها بە دیار دەکەوێت گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە جۆرێك بۆ جۆرێکی تر بە یەك ئاست و جۆر و بڕ نەبووە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیان دەردەکەوێت بەم شێوەی خوارەوە باسدەکرێت:

**1. بەتاڵ – نیشتەجێبون:**

ڕوبەری گۆڕانی زەویی بەتاڵ بۆ بەکارهێنانی زەویی نیشتەجێبون (153.11) هکتار بووە، ئەمەش بۆ گەشەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، کە پێویستی بە یەکەی نیشتەجێبونی زیاترە ئەمەش وادەکات، ڕوبەری زەویی بەتاڵ بگۆڕێت بۆ نیشتەجێبون. بە تایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە، چونکە شاری بنەسلاوە شێوەی درێژکۆڵەیی هەیە بەم دوئاراستەیەدا.

**2. بەتاڵ – ڕێگاوبان:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ ڕێگاوبان (141.82) هکتارە، بێگومان ڕێگاوبان بە بزوێنەری گەشەکردن و پێشکەوتنی شار دادەنرێت لەسەرجەم بوارەکانی ژیان. بۆیە ڕێژەندی دووەمی گرتووە لە گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی بە تایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

**3. بەتاڵ – سەوزایی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ سەوزایی (20.94) هکتار بووە، بە هۆی فراوانبونی شاری بنەسلاوە وایکردووە ڕوبەرێکی زیاتر بۆ باخچە و پارکی گشتی دیاری بکرێت.

**4. بەتاڵ – پیشەسازی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ پیشەسازی (10.18) هکتار بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبونی ڕوبەری پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە گەڕەکی گوڵانی نوێ و قەڵای نوێ، ئەمە جگە لە دروستکردنی چەندین کارگەی دروستکردنی ئەلەمنیۆم و دارتاشی و ئاسنگەری، بەگوێرەی پێویستی دانیشتوان.

**5. بەتاڵ – حکومی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ حکومی (7.48) هکتار بووە، لەم قۆناغە چەندین فەرمانگە بۆ ئاسانکردنی کاری دانیشتوان لە شاری بنەسلاوە دروستکران، چونکە ناوچەی توێژینەوە سەنتەری قەزای (دەشتی هەولێر)ە، بۆیە پێویست بو فەرمانگەی زیاتری بۆ بکرێتەوە، وەك فەرمانگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بنەسلاوە...

**6. بەتاڵ – فێرکاری:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ فێرکاری (7.37) هکتار بووە، ئەمەش بۆ زیادبونی ژمارەی قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە لەم قۆناغەدا، کە کۆی گشتیی ژمارەی قوتابخانە لەم قۆناغە گەیشتە (28) قوتابخانە و (4) باخچەی ساوایان.

**7. بەتاڵ – ئاینی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ ئاینی (5.3) هکتار بووە، بە هەردوو جۆری مزگەوت و گۆڕستان، بێگومان ئەمەش بۆ گەشە و فراوانبونی شاری بنەسڵاوە دەگەڕێتەوە، بەهۆی دووریی شوێنی پەرستش، خەڵك زیاتر هەوڵی دروستکردنی مزگەوت دەدەن، بۆیە لەم قۆناغەدا ژمارەی مزگەوت گەیشتە (23) مزگەوت و (5) گۆڕستان، جگە لە فراوانبونی ڕوبەری گۆڕستانەکان.

**8.بەتاڵ - کاتبەسەربردن:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی بەتاڵ بۆ کاتبەسەربردن لەم قۆناغە (2.8) هکتار بووە، هۆکارەکەی بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی زیادبونی خواست لەسەر شوێنەکانی کاتبەسەربردن وەك و کافتریا و چایخانە و یاریگا و مەلەوانگە و ...هتد.

**9. ڕێگاوبان – سەوزایی:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی ڕێگاوبان بۆ سەوزایی (1.7) هکتار بووە، ئەمەش لە نێوان ڕێگای سەرەکیی هەولێر–بنەسڵاوە بە دەردەکەوێت ، جگە لەمە زۆربەی نێوان شەقامە سەرەکیەکانی ناو شار کراونەتە سەوزایی، هەروەها دەروازەی بنەسڵاوە–هەولێر لە ڕێگای کۆن سەوزایی کراوە.

شێوەی 3-3 گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی شاری بنەسڵاوە لە ماوەی ساڵانی2011-2023)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی(3-2)

**10. حکومی – ڕێگاوبان:**

گۆڕانی بەکارهێنانی زەویی حکومی بۆ ڕێگاوبان (1.12) هکتار بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی شوێنی فەرمانگە حکومیەکان بۆ شوێنێکی تر و دواتر دروستکردنی ڕێگاوبان لە شوێنیان. بەمەبەستی کارئاسانی بۆ دانیشتوان، زۆربەی فەرمانگەکان لە گەڕەکی ڕاپەڕین کۆکراونەتەوە.

## ئەنجام

1. هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی شاری بنەسڵاوە و هەرزانیی نرخی زەوی، هۆکاری سەرەکین بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی.
2. بەدرێژایی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان، بەکارهێنانی زەویی نیشتەجێبون زۆرترین ڕوبەری داگیرکردووە، بەجۆرێك لە (171.21) هکتارەوە زیادی کردووە بۆ (612.51)هکتار لە کۆتایی سێیەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی.
3. بەکارهێنانی زەوی بۆ فێرکاری و تەندروستی لەهەمو قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکاندا لە پێوەرە جیهانییەکان کەمترە، ئەمەش بۆ کەمیی خزمەتگوزاری دەگەڕێتەوە.
4. لە هەمو قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکاندا، گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی ڕویداوە.
5. زەویی بەتاڵ، بەردەوام ڕوبەرەکەی زیادی کردووە، بەهۆی کشانی سنوری شارەوانی بۆ زەوییەکانی دەوروبەری، بەجۆرێك لە سێیەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی هیچ زەوییەکی بەتاڵ لەنێوان شاری هەولێر و شاری بنەسڵاوەدا نەماوە.

## ڕاسپاردە

1. زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، واتە زیادبونی داواکاری بۆ یەکەی نیشتەجێبون، بەڵام پێویستە پشت بە فراوانبونی ستونی (باڵاخانەی نیشتەجێبون) ببەسترێ و ئەم یەکانە لەسەر زەویی بەپیتی کشتوکاڵی دروست نەکرێت،
2. خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە دانیشتوانی شارەکە بکرێت، لە هەمو بوارەکان.
3. بەشێوەیەکی پلاندارێژراو خزمەتگوزارییەکان لەسەر شارەکە بڵاو بکرێنەوە، بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان.

## سەرچاوەکان

عبدالرحمن و خۆشناو, سردار محمد, هوشيار محمدامين (٢٠١٠). الاطلس السياحي الأقليم كوردستان العراق (الاثار و السياحية)، مطبعة تينوس، أربيل.

الجنابي، صلاح حميد(1987)، جغرافية الحضر اسس وتطبيقات، مطبعة جامعة الموصل، الموصل.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر، وێنەی ئاسمانی Quick bird (یەك مەتر)، ساڵی 2023.

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێڕی، 2023.

حداد، هاشم یاسین و محمود، کامران ولی، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر،چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل9.

القصاب، إبراهيم و أخرون(1987)، أطلس العراق التعليمي، مطبعة جامعة الموصل, الموصل.

الجابری، مظفر علی(1986)، التخطيط الحضرى، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، الموصل.

الدليمي, خلف حسين علي(2015) ، تخطيط المدن: نظريات-أساليب-معايير-تقنيات، دارصفاء للنشر والطبع، عمان.

صفر، زين العابدين علي(2015)، تخطيط المدن أسس ومفاهيم وتطبيقات، دار الوضاح للنشر، عمان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز/ خدر, نجات مامند, دانیشتوی ڕەسەنی بنەسڵاوە، (2024/3/10).

نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین(2013)، توێژینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

أحمد، کامەران نەوزاد، بەڕێوەبەری موڵکایەتی لە شارەوانی بنەسڵاوە، (2024/2/23)

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ یونس، محمد شێروان 2024/2/21، فەرمانبەر لە بەشی کارگێڕیی شارەوانیی بنەسڵاوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ عبدالغفور، کاروان محمد، فەرمانبەر لە فەرمانگەی تەندروستیی بنەسڵاوە، (2024/2/21

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ (هیمداد، قارەمان عبداللە 2024/2/23)، فەرمانبەر لە فەرمانگەی ئەوقافی بنەسڵاوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ (عبدالکریم، بەدرخان محمد 2024/2/23) بەڕێوەبەری کارگێڕی لە قائیمقامیەتی بنەسڵاوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، 2024/3/3 ژوری بازرگانی و خزمەتگوزاری، داتای بلاونەکراوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ دلێر، کامەران محمد، فەرمانبەر لە فەرمانگەی ئەوقافی بنەسڵاوە، (2024/2/24

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ گەرمسۆری، نەوشێروان، 2024/2/24.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ (حمد, 2024/2/24) فەرمانبەر لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی بنەسڵاوە، هۆبەی کارگێڕی.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/ ڕێبوار، دلاوەر عبداللە(2024/2/24)، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە فەرمانگەی پەروەردەی بنەسڵاوە.